گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/v36acg38

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٥/٠٦/١٠
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٥/٠٨/٢٥
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٦/٠٣/٢٠

# گۆڕانکارییە سیاسیەکانی دەرەوەی دەوڵەتی میدیا(٧٠٠-٥٥٠پ.ز)

**هیمن رشید درویش[١] - حلمی رسول رضا[٢]**
hilmi.rasool@our.edu.krd - Hemin.darwish@garmian.edu.krd

[١] بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان-عێراق
[٢] بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان-عێراق

**پوختە:**
ماوەی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی میدیا بە یەکێك لە قۆناغە گرنگەکانی مێژووی ڕۆژهەڵاتی کۆن دەژمێرێت، چونکە کاریگەری زۆری لەسەر شارستانی و دەوڵەتەکانی دوای خۆی هەبووە. بەهاتنی میدیەکان بۆسەر زەوییەکانی بانی ئێران و جێگیربوونیان و گونجانی کەش و هەوای ناوچەکە بۆیان، سیستەمی سیاسی دەرەوەی خۆیان کە فراوانخوازی و ڕزگاربوون لەژێر دەسەڵاتی ئاشووریەکان بووە پەرەپێداوە، ئەم سیستەمە سیاسیە لەسەردەستی دیاکۆ دروست دەبێت و لەسەردەمی کیاکسار(هووەخشترە) دەگاتە ترۆپك. هەر وەك لە ئەنجامدا میدیەکان بوون بە پرۆسەی یەکگرتن لەگەڵ توانای دراوسێکانیان وەك بابل، ئاشووریەکانیان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی سڕییەوە. ژمارەیەك لە گەورەی میدیەکان لەهەمان سەرەتای دەسەڵاتی کۆرشی دووەم و ئەستیاگسی کۆتا پاشای میدی قازانجی خۆیان لەهاوکاری کۆرشی فارسی بینیەوە و لەم ڕووەوە ڕۆڵی سەرەکیان لە لەناوچوونی دەوڵەتی میدی و سەرهەڵدانی دەوڵەتی هەخامەنشینی بینی. سەرەڕای هەموو ئەو کارە زانستیانەی ئەنجامدراون، هێشتا پەیوەندی سیاسی دەرەوەی میدیا یەکێکە لە ئاڵۆزترین بابەتەکانی مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کۆن و ناڕوونییەکی زۆری پێوە دیارەو تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی ورد توێژینەوە و خوێندنەوەی لەسەر نەکراوە. توێژینەوەکە باس لەگرنگترین ئەو گۆڕانکاریە سیاسیانەی دەرەوەی دەوڵەتی میدیا دەکات لەنمونەی دەوڵەتانی وەك ئاشوور-ئۆرارتی-ئەسکیتیەکان-بابل و ...تاد، و زیاتر بەشێوەیەکی بابەتیانە لەسەر بنەمای میتۆدی (وەسفی-شیکاری) و بەراوردکاری ڕاڤە و شرۆڤەی گۆڕانکاری و ڕووداوەکان کراوە.
**کلیلە وشەکان:** سیاسەتی دەرەوە، دەوڵەتی میدیا، ئاشووریەکان، کیاکسار.

## پێشەکی:

میدیەکان یەکێکن لە هۆزە ئارییەکان و لە کۆتاییەکانی هەزارەی دووەمی پ.ز بەرەو بانی ئێران کۆچیان کردووە، لە نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەمی پ.ز بە هۆکاری دۆخی سیاسی نائارام لەناوچەی زاگرۆس لەلایەن دیاکۆوە توانی

هەموو هۆزەکان یەکبخات و دەوڵەتی میدی بنیادبنێت، ئەم دەوڵەتە لەسەردەمی کیاکسار دەگاتە ئەوپەڕی هێز و دەسەڵات و لە دەوروبەری ٥٥٠پ.ز لەلایەن دەوڵەتی هەخامەنشینیەکانەوە کۆتایی بەم دەوڵەتە دێت.

کۆنترین بەڵگەی بەردەستی هۆزە کۆچەریە ئارياييەکان بۆ ناوچەکانی زاگرۆس و بە تایبەتی میدیەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆیەمی پ.ز، بە پشت بەستن بە نووسراوەکانی (شەلمانسەری سێیەم Shalmaneser III ٨٥٨-٨٢٤پ.ز) لە بوونی ئەم نەتەوەیە لەناوچەی ڕۆژئاوای ئێران و خستەڕووی باجدانی ئەوان بە پاشای ئاشوور باس دەکات، ئەم نەتەوە بەشێوەی یەك لەدوای یەك بە بەستنی پەیوەندی سیاسی-ئابووری و کولتووری لەگەڵ نەتەوەکانی ناوچەکانی دەوروبەری وەك ئیلامیەکان و ئۆرارتیەکان، پاشان لەگەڵ نەتەوەکانی ناوچەکانی کوردستان-ئاسیای بچووك و ئەرمەنستان بەست، لە کۆتاییدا بە بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ بابلیەکان لە ناوچەی باشووری میسۆپۆتامیا(وڵاتی دووڕووبار) توانیان شکست بە ئاشووریەکان بهێنن و پایتەختەکەیان(نەینەوا) لەساڵی ٦١٢پ.ز داگیربکەن.

بەسەرکەوتنیان بەسەر ئاشووریەکان، میدیەکان توانیان دەسەڵاتی فراوانیان لە ڕۆژئاوای زاگرۆس-باکووری وڵاتی دووڕووبار-ئاسیای بچووك و ئەرمەنستان هەبێت، ئەم سیاسەتەی پاشاکانی میدیا تاوەکو شکستیان بەرامبەر فارسەکان درێژەی هەبوو، گواستنەوەی سیاسەتی میدیەکان بۆ فارسەکان بەواتایی سڕینەوەی کاریگەری سیاسی و توانای ئەم نەتەوەیە نەبوو، بەڵکو سەرکەوتوو بوون لەوەی دەسەڵاتی سیاسی و کاریگەری خۆیان تاوەکو دوو سەدەی دیکە لەژێر ناونیشانی فەرمانڕەوایی پاشایەتی هەخامەنشینی درێژە پێ بدەن، چونکە گواستنەوەی دەسەڵات لە میدیەکانەوە بۆ فارسەکان بەچەشنێك بوو کە نەتەوە ڕۆژئاوایەکان هەمان دەوڵەتی فارسەکانیان بە میدیەکان ناوبردووە و نووسەرانی وەك هیرۆدۆتس دواتر شەڕەکانی یۆنان و فارسەکان بە شەڕی یۆنان و میدیەکان ناوبردووە.

## گرنگی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە گرنگی دەدات بە پەیوەندی سیاسەتی دەوڵەتی میدیا، بەتایبەت بەڕووی دەرەوەدا و کاریگەری ئەم سیاسەتە لەپەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەردا کە ویستویانە لەکاتی لاوازی دەوڵەتەکە لەگەڵیان ڕووبەڕوو ببنەوە و لەکاتی بەهێزیشدا هاوپەیمانیەتی لەگەڵدا ببەستن.

## هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

هەڵبژاردنی ناونیشانی ئەم توێژینەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، هەرچەندە لێکۆڵینەوەکانی مێژووی دەوڵەتی میدیا زیاتر بەزمانی بیانی بوونە، کەچی بەشێوەیەکی ورد بایەخی زۆر بە گۆڕانکاری سیاسی دەرەوەی ئەم دەوڵەتە نەدراوە و هۆکار و هاتنەپێشەوەی ئەو ڕووداوانەی بوونە هۆی دروست کردنی ئەو گۆڕانکاریانە؛ بە وردی ڕوون نەکراوەتەوە.

## ئامانجی توێژینەوە:

خوێندنەوەیەکی زانستی بۆ سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی میدی بکرێت، کە چۆن ئەم دەوڵەتە دەسەڵاتی خۆی بەسەر پانتایی جوگرافیایی ڕۆژهەڵاتی کۆن لەو سەردەمەدا سەپاندووە و بوونەتە دەوڵەتێکی بەهێز، خستنەڕووی زانینی کۆمەڵێك ڕاستی مێژوویی لە سەردەمێکی پڕ لە گۆڕانکاریدا ئامانجێکی دیکەی توێژینەوەکەیە.

## کێشەی توێژینەوە:

بێگومان هەر توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر هەر بابەتێك بێ کێشە نابێت، کێشەی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا ڕاڤەکردن بووە بۆ ئەو نووسین و بەڵگەنامە شوێنەوارییانەی کە لەسەر دەوڵەتی میدیا لەلایەن بێگانە و دوژمنەکانیانەوە بەدەست هاتوون.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا بە پشت بەستن بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی لەڕووداو و پێشهاتەکان باس کراوە و لایەنە شاراوەکانی ڕوون کراوەتەوە و بەشێوەیەکی بابەتیانە لەسەر بنەمای میتۆدی(وەسفی-شیکاری)، بەراوردکاری ڕاڤە و شیکردنەوەی گۆڕانکاری و ڕووداوەکان کراوە.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە پێشەکیەك و سێ باس و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، باسی یەکەم: سنووری جوگرافیای دەوڵەتی میدیا. باسی دووەم: سیستەمی حکومڕانی دەوڵەتی میدیا. باسی سێیەم: سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی میدیا. لەکۆتایدا گرنگترین ئەو دەرئەنجامانە دەستنیشان کراوە کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە.

## باسی یەکەم/سنووری جوگرافیای دەوڵەتی میدیا(ماد)[1]

بەبێ جوگرافیا مێژوو بوونی نیە، زیادەڕۆی نییە گەر بگوترێ گەورەترین فاکتەر لەدروست کردنی مێژوودا، جوگرافیایە(ئەلخەلیل،٢٠١٣: ٢٧).

ناسینی جوگرافیای میدیا دەتوانرێت پانتاییەکی باشتر بۆ خوێندنەوەی مێژوو و سیاسی ئەم ماوەی فەرمانڕەوایەتیە دروست بکات، لەسەرچاوە جیاوازە مێژوویی و شوێنەوارییەکانی میدیا، سنوورێك بۆ دەوڵەتی میدیا دیاریکراوە کە بنەچەی سەرچاوە یۆنانیەکانە؛ لەکاتێکدا سنووری دەوڵەتی میدی لەپێش دروست بوونی دەوڵەت جیاوازە لە سنووری دوای دروست بوونی دەوڵەت و فراوانخوازیەکانیان(سایکس،١٣٥٥: ١٤٥).

یەکەم/ سنووری دەسەڵاتی میدیا لەپێش دامەزراندنی دەوڵەت

بە لێوردبوونەوە بە سەرچاوەی ئاشووری و بەڵگە شوێنەوارییەکان، سنووری دەسەڵاتی میدی لەم ماوەیەدا لە ناوچەی کەنگاوەر(نزیك کرماشان) و هەمەدان بەرەولای ناوچەی ناوەندی ئێران درێژدەبوویەوە، واتە لەباکوورەوە بە (زنجیرە چیاکانی ئەلبورز) و لە باکووری ڕۆژئاوا بە (سنووری بیجار تا میانە) و لە ڕۆژئاواوە (تا ناوچەی کرماشان و باکووری لوڕستان) و لە باشووری ڕۆژئاوا (تا ناوچەی یەزد و فارس)، لە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵات (بە دەشتەکانی ناوەند) و لە باکووری ڕۆژهەڵات (تا ناوچەی دامغان) دەگەیشت، نەتەوەی میدی لەم ماوەدا لەگەڵ پاشایەتیماننا[2] و ئەلیپی[3]و ویلایەتەکانی گیزل بوندا[4]و پارسوا[5]سنووری هاوبەشیان هەبووە(ملازادە و طاهری،١٣٩٤: ١٥١). بڕوانە نەخشەی ژمارە(١)

نەخشەی ژمارە(١)





سەرچاوە: (ملازادە و طاهری،١٣٩٤: ١٥٥)

## دووەم/ سنووری دەسەڵاتی میدیا لەپاش دامەزراندنی دەوڵەت و فراوانخوازیەکانی

دیاکۆنۆف لەکتێبی "مێژووی میدیا" سنووری نزیکی دەوڵەتەکەی لەوپەڕی فراوانخوازیدا بەم شێوەیە دیاری کردووە:((میدیا بە واتای فراوان دێت سەرزەویەکانی میدیا لە خۆرهەڵاتیەوە دەشتی کویر بووە"لەناوچەی خۆراسانی ئێستای ئێران"، لە باکووری خۆرهەڵاتیەوە لوتکەی شاخەکانی ئەلبورزی ئێستا لەباشووری دەریای قەزوین،

لەباکوورەوە ڕووباری ئەرکسس"ئاراسی ئێستا" و وڵاتی ئەرمەنستان، لەخۆرئاواوە دەوڵەتی ئاشوور، لە باشووریشەوە سەرزەویەکانی پارس و وڵاتی ئیلام بووە)) (١٣٩٠: ٨٣). بڕوانە نەخشەی ژمارە(٢)

نەخشەی ژمارە(٢)




سەرچاوە: (ملازادە و طاهری،١٣٩٤: ١٥٥)

هارڤی پۆرتەر لەژێر ناونیشانی(سنووری میدیەکان و تایبەتییە سروشتیەکەی) دەڵێت:((زۆرترین و باشترین زەوی میدیەکان چیای بووە، لقەکانی زاگرۆس لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو بیابان درێژدەبنەوە، زنجیرە چیایەك لە ڕۆخی دەریای خەزەرەوە کە بە ئەلبورز ناسراوە، لە باشووری ڕۆژئاواوە دەوری ڕووباری داوە و بەرەو باکوور پەلوپۆ دەهاوێت،لەناو ئەم چیایانەدا بەرزی وەهای تێدایە دەگاتە(٣٠٠٠)مەتر، لەنێوان چیاکاندا دۆڵی بەپیت و فێنك بوونی هەیە، بۆیە لەوێیش زۆرترین ژمارەی خەڵکی نیشتەجێ بوون)) (١٩٩١: ٨٢).

درێژی ئەم وڵاتە لە باکوورەوە بۆ باشوور(٥٥٠)میل و پانیەکەشی لەخۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا(٢٥٠-٣٠٠)میل بووە، هەروەها ڕووبەری سەرتاسەری ئەو وڵاتە (١٥٠٠٠٠)میل چوارگۆشە بووە (ملازادە و طاهری،١٣٩٤: ١٩١).

ئەم سنووره فراوانه بۆ چەند ویلایەتێك دابەش كرابوو، لەگرنگترینیان ویلایەتەکانی فارس-ماننا-ئورارتی[٦]-ئەلیپی و ئەسکیتیەکان[٧] بوون، کە ژمارەیەکیان سەربەخۆیی ناوخۆییان هەبوو(ملازاده،١٣٩٣: ٧١).

ماوەتەوە بڵێین کە وڵاتی میدیا لەسەردەمی کۆندا شوێنی تێپەڕینی چەند کاروانەڕێ بوو، ئەم ڕێگایانە وڵاتی دووڕووبار و باشووری قەوقازی بە ئاسیای ناوەڕاست و هیندەوە دەبەستەوە(عەلی یێف،٢٠١٦: ٨٣).

**باسی دووەم/دامەزراندنی دەوڵەت و سیستەمی حکومڕانی**

لەکۆتاییەکانی هەزارەی دووەمی پ.ز بنەمای هۆز و خێڵ لەسەرخۆ کاڵ دەبێتەوە و یەکیان گرتووە و قەوارەیەکی تارادەیەك یەکگرتوویان دروست کردووە، ئەم دیاردەیە بە باوەڕی (ف.ئێنگلس) یەکەم نیشانەی بەرچاوی دەسەڵاتی حکومەت بوو(عەلی یێف،٢٠١٦: ٣٢٧)، هەندێك لە شایەتیەکانی دەربڕی پێکهاتنی کۆمەڵگە چینایەتیەکان و جیابوونەوەی دامودەزگای حکومەت لەخەڵك(ئەگەر چی ڕەنگە بەتەواوی نەبووبێت) لەناوچە پێشکەوتووترەکانی ڕۆژئاوای میدیا لە دراوسێتی وڵاتی دووڕووباردایە. لە نموونە جۆراوجۆرەکاندا دەبینین کە چۆن لە بەستێنی هەڵوەشانەوەی پەیوەندیەکان و ڕێوشوێنە خێڵەکی و عەشیرەتیەکان و تاڵانی زەوی و زارە هاوبەشەکاندا، دەبێتە هۆی ئەوەی سەرکردەی هۆزەکان یەکبگرن و دەسەڵاتێکی هاوبەش دروست بکەن(عەلی یێف،٢٠١٦: ٣٢٧).

سەدەی حەوتەمی پ.ز یەکێك لە سەرنجڕاکێشترین سەردەمەکانی مێژووی ڕۆژهەڵاتی کۆنە، پێشهاتەکان و ڕووداوەکانی ئەم قۆناغە سەد ساڵەیە بە ڕادەیەك خێرا و بە گوڕ و تین ڕوو یاندا کە هەندێك جار بەدواداچوونیان بە ئەستەم دێتە پێش چاو، ئەم سەدەیە لە ڕاستیدا سەدەی ڕووداوە مەزنەکانە، ئەم قۆناغە کاتییە کە شیکردنەوەمان بۆی دەبێت، دەکرێت وەکو سەدەی بە لوتکە گەیشتنی گەشە و هاوکاتیش ڕووخانی دەوڵەتە مەزنەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆن ناوی لێ بنرێت، سەرهەڵدانی دەوڵەتە نوێیەکان لەجێگەی ئەو دەوڵەتە کۆنانەی کە ڕۆژگاریان بەسەر چووە، لە تایبەتمەندیەکانی دیکەی ئەم سەدەیەیە.

لەسەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا ئاشوور هێشتا لە لوتکەی دەسەڵاتی خۆیدا بوو، بەڵام ڕووداوەکانی داهاتووی زۆر نزیك دەریان خست کە ئاشوور ئیتر وازی لە گێڕانی ڕۆڵی قەڵای کولتووری جیهان هێنابوو (عەلی یێف،٢٠١٦: ٤١٣).

بۆ ئەوەی لە سیستەمی حکومڕانی دەوڵەتی میدیا بکۆڵینەوە، سەرەتا پێویستە بچینە سەر کۆچی ئەم نەتەوەیە بۆ ئێران[٨] و دواتر ئەو فاکتەرانەی بوونە هۆی یەکگرتوویان،گیرشمەن پێی وایە: دوو ڕووداوی زۆر گەورە لەسەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایینی کاریگەرییان لەسەر مێژووی ڕۆژئاوای ئاسیا هەبووە، یەکەمیان کۆچی هۆزە ئارییەکان و ئەوی تریان بەکارهێنانی ئاسن لەو ناوچەیە بووە ( ١٣٧٢: ٦٥)، نەتەوەکانی هیندۆئەورووپی لەکۆچکردنیان بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا یان بانی ئێران ڕووبەرووی حکومەتی بەهێز لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران نەبوون و بە ئاسانی پێشڕەوییان کرد بۆ زنجیرە چیاکانی زاگرۆس، کەچی ڕووبەڕووی حکومەتە بەهێزەکانی وەك ئاشووریەکان و ئورارتیەکان و ...تاد بوونەوە (گیرشمەن،١٣٧٢: ٦٦). پێدەچێت کۆچی هۆزە ئارییەکان و بەتایبەت میدیەکان لەسەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایینی تەنها بەهۆی دۆزینەوەی لەوەڕگەی باشتر نەبووبێت، چونکە کۆچکردن لەئاسیای ناوەڕاست و گەشکردن بەرێگەی دوور بۆ گەیشتن بە ڕۆژئاوای ئاسیا دەبێت هۆکارێکی دیکەی ژیرانەی هەبێت، ڤەکۆڵەر پلاگ بە وەرگرتن لە(ویلیام ئایرنس-William Irons) بە لێکۆڵینەوەکانی لەسەر پێکهاتەی شوانکاری و کۆچەرییەکان، پێی وایە قۆناغی کۆچی پێکهاتەی شوانکار و کۆچەرییەکان بۆ پاراستنی سەربەخۆی سیاسی

و کەلتووری خۆیان بووە، چونکە دۆزینەوەی لەوەڕگەی نوێ پێویستی بە جوڵەی زۆر نیە، بێگومان میدیەکان هەلومەرجیان هەبوو بۆ ئەوەی ببنە زلهێزێکی گەورە بەو لێهاتووییانەی کە لە ئەنجامی کۆچکردندا بەدەستیان هێنابوو (١٣٧٥: ٢٩٥). ئەوەی لێرەدا گرنگە ڕووداوەکان و بەدوایەکدا هاتنیانە، ئەم هەڵکشان و داکشانە میدیەکانی گەیاندە ئەو بڕوایەی کە بەم پەرشوبڵاوییەوە ناتوانن ڕووبەڕووی ئیمپراتۆریەتی ئاشوور ببنەوە، چونکە بەردەوام لەلایەن ئاشووریەکانەوە هێرش دەکرایە سەریان، لەهەمان کاتدا گەشتنە ئەو بڕوایەی کە تەنیا ڕێگەی ڕزگاربوون یەکخستنی ڕیز و کۆکردنەوەی وزە و توانایانە، مێژووی مرۆڤەکان پێمان دەڵێت کە خواستی گەل بۆ ئازادی سەرکردەیەك دەخوڵقێنێ و ویستی ئەو گەلەی تێدا بەرجەستە دەبێت، ئەم حەزە و ویستی ڕزگاربوونەش لەناخ و ڕۆحی میدیەکان چەکەرەی کرد، ئەوە بوو دیاکۆ ئەو سەرکردە زرنگ و بوێرە و دڵسۆز و دانایەیان تێدا هەڵکەوت (ئەلخەلیل،٢٠١٣: ٣٩-٤٠).

یەکەم هەوڵەکان لە پێناو کۆکردنەوەی گەلانی پەرتەوازەی میدیا لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆیەمی پ.ز دەبینرێت، ئەم بابەتە لانی کەم لە شەمشی ئادەدی پێنجەم (٨٢٤-٨١١پ.ز)[٩] ەوە دیارە، کە لە باسکردنی هێرشی سەربازی خۆیدا بۆ مادای تەنیا لە پاشا هاناشپروکا(هانازیرۆکا)[١٠] ناو دەبات، لەگەڵ ئەوەشدا باس لە هیچکام لە سەرۆك گوندەکان ناکات. دەکرێ لەمەشەوە بەو ئەنجامە بگەین کە مادای، واتە میدیەکان بەواتای وردی وشە، ملکەچی ڕێبەرێك لەدەسەڵات بوون کە ئاشووریەکان و ئەوانی دیکە وەکو(پاشا) ناویان بردووە (عەلی یێف،٢٠١٦: ٣٣٤).

دروست کردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ (هۆزەکانی میدیا)[١١] و دوورخستنەوەی زیان و هەستکردن بە ئاسایش و هۆکارەکانی دەرەکیش، بەتایبەت مەترسی ئاشووریەکان هۆکاربوون بۆ بەیەکگەیشتنی کۆمەڵگای پاشایەتی زۆر هۆزەکانی میدیا، بۆ یەکگرتنی لەسەرخۆی میدیەکان و نەهێشتنی خاڵی لاوازی تیایاندا و ڕۆیشتنیان بەرەو سەرکەوتن و بەئەنجام گەیاندنی چاکسازیان لە سیستەمی سیاسی و کولتووریەکاندا، ئەمانە هۆکاربوون بۆ دروست کردنی هاوشێوەیەك لە فەرمانڕەوایەتی، وەك قەڵا بەهێزەکانیان لەسنووری ڕۆژئاوایاندا ڕووبەڕووی ئاشووریەکان و لایەنەکانیتر بوەستنەوە(شهمیری،١٣٨٧: ٨٩) دزیی و چەپاوڵ و نەبوونی ئاسایشی بەهێز لەکۆمەڵگای میدیا ئەو بارودۆخەی دروست کرد کە پێویستی بە دادوەرێك یان پارێزگارێك هەبێت کە بتوانێت کارەکانی ناوخۆیان ڕێکبخات و چارەسەریش بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە و هەموو لایەکیش هەست بە لێپرسراوێتی بکەن، بە دەربڕینێکی دیکە، ئارییەکان لە ڕێکخستنی باری کۆمەڵایەتی و سیاسیاندا دوور لەگەڕانەوە بۆ سیستەمی هۆزایەتی، لەو ڕووەشەوە واتا ئابووری و سیاسیەوە کاریگەرێتی هۆزەکانی وڵاتانی دووڕووباریان لەکۆنەوە لەسەر بوو، کە پێویستیان بە دەوڵەتێك هەبوو بۆ ئەوەی لە شارستانیەتی سەرەتایی ڕزگاریان بێ و دەسەڵاتی پاشایەتی بۆ خۆیان دروست بکەن و پشتاوپشت بۆیان بمێنێتەوە، لەم دانانە پاشا هەموو دەسەڵاتێکی هەبێت بۆ نەخشەی ئابووری و کولتووری و خاوەنی موڵك و ماڵی خۆشی بێت. ئەم بیرکردنەوەیە پلانی دارێژراوی پاشا بە نووسین داینا و بە ئەنجامی گەیاند(خدادادیان،١٣٧٦: ١٥٥).

دیاکۆنۆف لەو بڕوایەدایە کە پاشایەتی دیاکۆ[١٢] لەساڵەکانی دەوری ٧٨٨ و ٧٤٥پ.ز بووە (١٣٩٠: ٩٤)، یەکیتی هۆزەکانی میدیا سەرچاوە و هۆی سەرەکی پێکهاتنی دەسەڵاتی میدیا بووە، لەسەر ئەم بابەتە بۆچوونی زۆر هەیە، بەناوبانگترینیان بۆچوونی هیرودۆتسە، ناوبراو کەسێك بەناوی دیاکۆ بە یەکگرتنی هۆزەکانی میدیا و یەکەم پێکهێنەری دەسەڵاتی میدیا ناساندووە (106 :1952) ، دیاکۆ لەپێشدا سەرکردەی یەکێك لەهۆزەکانی میدیا بووە و لەناو هۆزەکەی خۆیدا جیگەی ڕێز بووە و لەژیری و لێزانیدا بەناوبانگ بووە، زۆربەی خەڵکی هۆزەکەی خۆی و بگرە خەڵکی

لاوەکیش بۆ کردنەوەی گرێی گرفتەکانیان دەچوونە لای وەك دادوەر هەڵبژێردرا، وای لێهات کە بیرۆکەی(ئەگەر دیاکۆ نەبێ وڵات دەشێوێ) دروست بوو، دیاکۆ لەناکاو هەربۆخۆی ڕایگەیاند کە بەهۆی ماندوویەتی و کاری زۆری خۆی توانای پێڕاگەیشتن بەکاروباری خەڵکی و درێژەدانی ئەو ئەرکەی نیە و خۆی لە خەڵك دوورخستەوە (سەرفراز و فەیرۆزمەندی،١٣٨٥: ٣٦-٣٧ ؛ زارع،١٣٩٥: ٨٩-٩٠).خۆ کێشانەوەی دیاکۆ بووە هۆی پەرەسەندنی دزی و کاری خراپ لەنێو خەڵکدا، ئەو ئاڵۆزیە بوو بەهۆی ئەوەی پیاوماقوڵانی هۆز لەکۆبوونەوەکاندا ئەو باسە بێننە گۆڕێ کە پاشایەك هەڵبژێرن و دیاکۆیان بە شایستە زانی (تابانی،٢٠١٠: ١٧٩-١٨٠).

کارەکانی بنەڕەتی دیاکۆ تارادەیەك گۆڕینی کۆمەڵگای میدیا لە دەشتەکیەوە بۆ کۆیلەتی و دەستپێکی خاك داگیرکردن لەسەر بنەمای بەڕێوبردنی وڵات، هەروەها ئاڵوگۆڕ و ڕیفۆرم لەدەسەڵاتی نیزامی هۆزایەتی، بەشێوەیەك کە دەسەڵاتدارە سەرەکیەکان سەرۆك هۆزەکان بوون، وەپێش خست، لەلایەکی دیکەشەوە شەڕو تێك هەڵچوونی نێوان هۆزەکانی و چەوساندنەوەی هەژاران لەلایەن دەوڵەمەندەکان و هەڕەشەی دەرەکی بەردەوام بوو بەهۆی یەکبوونی هۆزەکانی میدیا و سەرئەنجام بوو بەهۆی دامەزراندنی یەکێك لەناوەندەکانی گەورەی دەسەڵاتی ناوەندی لە دونیای ئەو سەردەم و پێکهێنانی ئیمپراتۆری میدیا (تابانی،٢٠١٠: ١٨١).

بەپێی گێڕانەوەی هیرۆدۆتس میدیەکان سیستەمێکی پاشایەتیان هەبووە کە تێیدا کوڕ جێگەی باوکی گرتۆتەوە، دەسەڵاتی میدیەکان بەزۆری بەسەر ویلایەتی جیاوازدا دابەش دەکرا، هەندێکیان ژیانێکی نیمچە سەربەخۆیان هەبوو و لەلایەن فەرمانڕەوا ناوخۆیەکانەوە بەڕێوە دەبرا و ڕەنگە ئەوەندە وابەستەی حکومەتی ناوەند نەبووبن(1952: 128) ، هەر چوار پاشای میدیەکان سەر بەیەك خێزان بوونە، بەمردنی یان کوژرانی یەکێکیان بەدەست دوژمنەکانیان، دەسەڵاتی ئەویتر دەستی پێکردووە و کێشەی جێنشین لەئارادا نەبووە (ساکز،١٩٧٩:١٥٧)، بەحوکمی ئەوەی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی میدیەکان، لەسەر چەند بنەمایەکی نیمچە دیموکراتی دامەزراوە، بۆیە هیچ کێشەیەك لەنێوان شەش هۆزە ناسراوەکەی میدیا نەبووە (جەمیل،٢٠٢١: ١٣٥-١٣٦).

ئاغا دەوڵەمەندەکانی میدیا زۆربەی پۆستە حکومیەکانیان بەدەستەوە بوو، پاشاکانیان شێوەی حکومەتی ئاشووری و ئورارتی پەیڕەو دەکرد،واتە پاشا هێز و دەسەڵاتی یەکەم بووە، ویلایەتەکانیان سەرەتا بچووك بوون بەڵام دواتر فراوان بوون، هەریەکەیان دەسەڵاتی نەتەوەیەکی تەواو یان چەند نەتەوەیەکیان لەخۆگرتبوو، بەم ویلایەتانە دەوترا (خشثرپان) [١٣] (میرسعیدی،١٣٩٠: ٢٣).

دەکرێت بەو چەشنە سیستەمی حکومڕانی دەوڵەتی میدیا لێکبدرێتەوە، سەرەتا سیستەمی هۆزایەتی بووە و خەڵك تەنها وابەستەی سەرۆك هۆزەکەیەتی، ئەگەر بێت و سەرۆك هۆزەکەی بەهێز نەبێت بارودۆخی ناوچەکە تێکدەچێت و دوژمنانیش بە ئاسانی دەتوانن بێتە سەریان، لەبەر ئەوە سەرۆك هۆزەکان کە خاوەن ئەنجومەنێکی هۆزایەتی بوون وایان بەباش زانیوە کەسێك وەك دادوەر لەنێوان خۆیان هەڵبژێرن، و دیاکۆشیان بە شایستەی ئەو بەرپرسیاریەتە زانیوە. دواتر هەر سیستەمەکە هۆزایەتیە و دادەورێکیان هەڵبژاردووە سەرپەرشتیان بکات، دواتر دیاکۆ وەك پاشا ڕۆڵ دەبینێت و لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆك هۆزەکانەوە هەڵدەبژێرێت، دەکرێت ئەمە یەکەم سیستەمی حکومڕانی بێت لە جیهاندا بەشێوەی هەڵبژاردن بووبێت. کەواتە لەسەردەمی یەکەم پاشای میدیەکان سیستەمی حکومڕانی پاشایەتی بووە ، چونکە دیاکۆ لەلایەن سەرۆك هۆزەکانەوە بەهەڵبژاردن چووەتە سەر دەسەڵات. لەسەردەمی فرائورتس

٦٢٥ Cyaxares-٦٥٣-٦٧٥Fravartisپ.ز هەمان سیستەمی پاشایەتی باوکی پەیرەو کراوە. لەسەردەمی کیاکسار-٥٨٥پ.ز لەدوای گۆڕانکاریەکان و ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ دەوروبەر بەتایبەت دەوڵەتی ئاشوور تێگەشتن لەوەی تەنها سیستەمی پاشایەتی نابێتە هۆکارێك بۆ مانەوە و پاراستنی سنوورەکانی قەڵەمڕەوی دەوڵەتی میدیا و ئەمەش وای کرد بیر لە جۆرێکی دیکەی سیستەمی حکومڕانی بکەنەوە، ئەویش سیستەمی حکومڕانی پاشایەتی سەربازی بوو، لەبەر ئەوەی بڕیار دەدات پاشایەکی سەربازی بێت و هێزی سەربازی بکات بە پشتیوانی خۆی. ئەم سیستەمە بەردەوام دەبێت تاوەکو سەردەمی ئاستیاگس[١٤] ٥٨٥-٥٥٠پ.ز و کە دەسەڵاتێکی ناوەندی پەیرەو دەکات، لەو دەسەڵاتە ناوەندییەدا بۆچوونی ئەنجومەنی پیران و پیاوانی ئایینی کەمتر لەبەرچاو دەگیرێت و دەسەڵاتی پاشا بەرەو گەندەڵی دەچێت و بارودۆخی ناوخۆی دەوڵەت لاواز دەبێت و کەسە نزیکەکانی لێی هەڵدەگەڕێنەوە، هەر ئەم جۆرە سیستەمەش دەبێت بەهۆکارێکی دیاری ڕووخانی دەوڵەتەکە.

## باسی سێیەم/ سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی میدیا

### یەکەم:سیاسەتی دەرەوەی دیاکۆ

دەوڵەتی ئاشووری پێنج سەد ساڵ حوکمی بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی کۆنیان کردووە و یەکەمین نەتەوەیەك سەرپێچیان کردن میدیەکان بوون کە لە پێناو ئازادی شەڕیان دەکرد و بوون بە نموونە بۆ نەتەوەکانی تری ئاسیا بۆ ئازادی و سەربەخۆی (سایکس،١٣٥٥: ١٥٤)، ئاشووریەکان بۆ چەندین ساڵ هەڵمەتی وێرانکەریان بۆ سەر خاکی میدیەکان ئەنجامدا، بەجۆرێك لە نووسراوەکانیاندا باسی لەشکرکێشی پاشاکانی وەك (شەلمانسەری سێیەم٨٥٨-٨٢٤پ.ز -شەمشی ئەدەدی پێنجەم٨٢٤-٨١١پ.ز و سارگۆنی دووەم٧٢١-٧٠٥پ.ز) یان کردووە، کە چۆن لەو هێرشانەدا زیانی گیانی و دارایی زۆر بەر خەڵکی میدیا کەوتووە، ئەم هۆکارە بوونە هۆی ئەوەی کە یەکێتی بیر لە چارەسەرێکی کارا بکەنەوە (گرشویچ،١٣٨٧: ٩٦؛ رزقانە، بدون سنە الطبع: ٤١٤)، ئاشووریەکان باوەڕیان وابوو هۆزەکانی میدیا دوای یەکگرتنیان بوونە هێزێك لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتەکەیاندا کە حسابیان بۆ بکرێت (خدادادیان،١٣٨٣: ١٣٦؛علي،بدون سنە الطبع: ٥٤).

میدیەکان لەسەردەمی دیاکۆی دامەزرێنەرەوە بەدوای هاوپەیمانێك گەڕاون، بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان لە دراوسێکان و ئاشووریەکان بپارێزن (جەمیل،٢٠٢١: ١٣٠)، یەکەم کاری سیاسی دەرەوەی دیاکۆ هاوپەیمانی بووە لەگەڵ دەوڵەتی ئورارتی دژ بە دەوڵەتی ئاشووری، هەربۆیە کاتێ پاشا سارگۆنی دووەم (٧٢١-٧٠٥پ.ز) چووە سەر دەسەڵات، هێرشێکی بۆسەر دەوڵەتی ئورارتی لەسەردەمی "ڕۆسای یەکەمRusa I(٧٣٥-٧١٤پ.ز) پاشایدا و بۆسەر هاوپەیمانیەکانی پاشای میدی دیاکۆ ئەنجامدا، سارگۆنی دووەم توانی هاوپەیمانیەتیەکە تێکبدا و لەگەڵ ئەوەشدا هەستا بە دوورخستنەوەی دیاکۆ و خێزانەکەی بۆ شاری حەما لە سوریا (ئەحمەد و ڕەشید،٢٠١١: ١٨٢).

لەدوای ئەم سەرکەوتنە ئاشووریەکان هەندێك مەرجیان خستووەتە سەر میدیەکان، وەکو:

١-ساڵانە باج بدەن بە دەوڵەتی ئاشوور.

٢-هاوکاری دارایی سوپای ئاشووریەکان بکات.

٣-لە تەنگانەدا سوپای میدیا بچێت بۆ یارمەتی دەوڵەتی ئاشوور (قەفتان،٢٠٠٥: ٨٧).

ئەمەو فاكتەری تۆڵەی ئاشووریەکان، پاڵنەرێکی دیکەی میدیەکان بووە، کە هاوپەیمانی لەگەڵ بابلیەکان ببەستن، یەکەم هاوپەیمانی لەنێوان(موشزب-مەردۆخ) (٦٩٢-٦٨٩پ.ز)پاشای بابل و دیاکۆی پاشای میدیەکان بووە (اوتس،١٩٩٠: ١٩٩)، کە لەساڵی(٦٩١پ.ز) بووە، بەڵام دوای ئەوەی سوپای (موشزب-مەردۆخ) لەشەڕی (خالولی-Halule)[١٥] لەسەر ڕووباری دیالە دەشکێ، هەوڵەکە سەرکەوتوو نابێت (ساکز،١٩٧٩: ١٧٥).

**دووەم: سیاسەتی دەرەوەی فرائورتس**

لەسەرەتادا فرائورتس سیاسەتی باوکی پەیرەو دەکرد، دەیزانی میدیەکان هێشتا ئەوەندە بەهێز نین خۆیان لە ئاشووریەکان ڕزگار بکەن، بۆیە بەردەوام باجی دەدا بە ئاشوور و لەهەمان کاتدا ئەو ناوچانەی کە لەسەردەمی باوکیدا بە میدیاوە نەبەسترابوو(بەتایبەت ناوچەی پارسەکان)، بە دەوڵەتەکەی لکاند. دوای ئەوە پاشای میدیا پارسی ژێردەستە کرد، بەهێزبوو و دەستی کرد بە ملکەچی کردنی بەشەکانی دیکەی بانی ئێران (رجبی،١٣٨٠: ٨٠؛ پیرنیا،١٣٩١: ١٦١).

سەرچاوەی بەردەست وەك سەرچاوەی یۆنانی و گێڕانەوە بەجێماوەکانی وڵاتی دووڕووبار لەبارەی پەیوەندی میدی و فارسەکان(هەخامەنشینەکان) لەپێش دامەزراندنی دەوڵەتی هەخامەنشینی زانیاری جیاواز و هەندێ جار دژبەیەك دەخەنەڕوو(ایمانپور، بدون سال چاپ :٧٣)، بەپێی گێڕانەوەکانی هیرۆدۆتس لەسەردەمی فرائورتس میدیەکان توانیان فارسەکان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و بیکەن بە باجدەری خۆیان (148-147 :1952)، هەندێ لە مێژوونوسان ئەم گێڕانەوەیەی هیرۆدۆتس یان پەسەند کردووە و لەوباوەڕەدان کە فرائورتس لەدەوروبەری ساڵی ٦٨٠پ.ز (چیش پیش)ی کوڕی هەخامەنش فەرمانڕەوای فارسی خستوەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە (شهبازی،١٣٥٠: ٣١؛اومستد،١٣٨٨: ٤٢). لەسەردەمی پاشای ئاشوور سەنحاریب(٧٠٤-٦٨٠پ.ز) بەهۆی سەرقاڵ بوونی بە دامرکاندنەوەی ئاژاوە و یاخیگەراییی لە وڵاتی بابل و ئیلام و سوریا، پاڵەپەستۆی ئاشووریەکان لەسەر ناوچەی زاگرۆس لاواز بوو، ئەمەش هەلێکی لەبار بۆ پاشای میدیەکان هاتبووە ئاراوە، بۆیە لەو قۆناغەدا فرائورتس دەسەڵاتی تەواوی خۆی بەسەر وڵاتی میدیادا دەکێشێت (ئەلخەلیل،٢٠١٣: ٦٧؛ پرویز،بدون سال چاپ: ٢٧-٢٨).

فرائورتس توانی هاوپەیمانیەك گرێبدات لەگەڵ ئەسەرحەدون(٦٨١-٦٦٩پ.ز)پاشای ئاشوور، هەر وەك چۆن لەو پەیمانە سیاسیەدا هاتووە کە ئەم پاشایە گرێیداوە لەگەڵ سەرۆکی ئەو هەرێمانەی سەر بە ئیمپراتۆریەتی ئاشوورین بۆئەوەی(ئاشووربانیپاڵ)ی کوڕی بێتە جێنشینی (ئەحمەد و ڕەشید،٢٠١١ : ٨٣). گەشە و پەرەسەندنی نێوخۆی ١٠٠ساڵەی وڵاتانی میدی، پێکهێنانی یەکێتیەکان و گەشەی خێرای...تاد، هەموویان بەستێنیان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی میدیەکان لەگەڵ هاوپەیمانی نوێی خۆیان، واتا کیمیریەکان[١٦] لەبارکردبوو(عەلی یێف،٢٠١٦: ٤١٨)، ئێمە بەڵگەی پێویستمان بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی کۆچی کیمیریەکان بۆ ناوچەی میدیەکان لەبەردەستدا نیە، بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوە ئاشووریەکان بەدەستمان کەوتوون، دەزانین ئەوان هاوپەیمانی میدیەکان بوون و شانبەشانی یەکتر دژ بە ئاشووریەکان شەڕیان دەکرد (عەلی یێف،٢٠١٦:ل٤١٨)، هاوپەیمانیی میدیەکان و کیمیریەکان هۆکاری تارادەیەك جێی مەترسی بوو کە نووکی تیژی ڕووی لە دەوڵەتی ئاشوور دەکرد،ماننا و بەشێك لە ئەسکیتیەکانیش لەماوەیەکی کەمدا بەم هاوپەیمانیەتە پەیوەست بوون (پرویز،بدون سال چاپ:٣٠-٣١).

شۆڕشی هاوپەیمانان دژی دەوڵەتی ئاشووری لە سەری ساڵی نوێی ئاشووری ٦٧٤یان٦٧٣پ.ز دەستی پێکرد، هۆکاری دەست بەجێی ئەم شۆڕشە هەوڵەکانی ئەسەرحەدون پاشای ئاشوور بوو بۆ دووبارە دیاریکردنی باج لەسەر

میدیەكان، ئەم كارەی پاشا لەهەندێك نووسراوی ئاشووریەكان باس كراوە، لەسەرەتادا ویلایەتەكانی ("بیت كاری"كار كاشیKar Kashi-مادای و ساپارداSaparda)ی گرتەوە (دیاكونوف،١٣٩٠: ١٨٣)، مامی تیارشۆ فەرمانڕەوای(مادای) و فرائورتس فەرمانڕەوای(بیت كاری) و دوسانی فەرمانڕەوای(ساپاردا) بوون، لەبەر ئەوەی هەر سێ فەرمانڕەواكە لەیەك كاتدا دەستێوەردانیان كرد و لەگەڵ پاشای (ئەسكیتیەكان"ئیشپاكای-Ishpakai" وماننا"ئاخسری-Akhseri") یەكیان گرت (كامرون،١٣٧٢: ١٣١).

دیارە خواستی خەڵكی كاریگەری زۆری لەسەر تەشەنەكردنی شۆڕشەكە هەبوو، هەموو ئەو نەتەوانە ساڵانێكی زۆر بەرگەی ستەمی ئاشووریەكانیان گرت بوو ئامادەبوون بچنە پاڵ ئەم شۆڕشە، فرائورتس بە ڕابەری ئەم شۆڕشە هەڵبژێراوە (گرشویچ،١٣٨٧: ١٨٣). شۆڕشەكە وەك ئاگرێكی كۆنترۆڵ نەكراو بڵاوبوویەوە و زۆری نەخایاند پانتاییەكەی سنووری سێ ویلایەتە سەرەكیەكەی تێپەڕاند، سەربازەكانی فرائورتس قەڵای (كیشە سو)یان لەناوچەی كیشەسو(دەكەوێتە دێی ئیمام زادە لە پارێزگای هەمەدانی ئەمڕۆ) داگیركرد (مجیدزادە،١٣٧٦: ٣٢٧)، لەم كاتەدا فارسەكان لەگەڵ میدیەكان یەكیان گرتبوو، بەهاوكاری ئەوان لەناوچەكانی زاگرۆس پێشڕەوی دەكرد وچەند قەڵایەكی ئاشووریان لە خاڵە جیاوازەكان داگیركرد (گرشویچ،١٣٨٧: ١٨٤)، دۆخی ئاشووریەكان لەڕادەبەدەر نالەبار بوو، بەتایبەت لە ڕۆژئاوای دەوڵەتەكە، واتە سوریا-فینیقیە و میسر یاخیبوون و ئاژاوەگێڕی سەری هەڵدابوو، ئەسەرحەدون لەساڵی ٦٧٢پ.ز هەوڵیدا لەگەڵ فرائورتس بچێتە دانوسانەوە، فرائورتس كە وا دیار بوو دڵنیابوو لە سەركەوتن بەسەر ئاشووردا، ئامادەنەبوو دانووسان بۆ ئاشتی بكات (بجنوردی،١٣٩٣: ٤٢٧)، لەلایەكی ترەوە ئەسەرحەدون هەوڵیدا تۆوی ناكۆكی لەنێوان هاوپەیمانەكاندا بچێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش بەجیا لەگەڵ سەركردەكانی تردا كەوتە دانوسانەوە، پاشای نوێی ئەسكیتیەكان پارتاتوا (٦٧٣-٦٥٣پ.ز) لەسەر پێشنیاری ئاشووریەكان رازی بووبچێتە دانوسانەوە، دۆستایەتی و هاوپەیمانیەكەی لەگەڵ ئاشوور بە هاوسەرگیری لەگەڵ كچی ئەسەرحەدون دانا. هەرچەندە سەركەوتنی شۆڕشەكە بە ڕۆیشتنی پارتاتوا ناتەواو مایەوە، بەڵام ئەم شۆڕشە لە ویلایەتەكانی بیت كاری-مادای و ساپاردا سەركەوتنی بەدەست هێنا و هێزی ئاشووریەكان لەم ناوچانە لەناوبرا (دیاكونوف،١٣٩٠: ٢٥١-٢٥٣).

لە دوای ئەسەرحەدون یەكێك لەبەهێزترین پاشای ئاشووریەكان بەناوی(ئاشوور بانیپاڵ ٦٦٨-٦٢٧پ.ز) هاتە سەر دەسەڵات، یەكێك لە ئامانجەكانی بەدەست هێنانەوەی ناوچە لەدەست ڕۆیشتووەكان بوو، ئەو لەسەرەتادا بەرەو ناوچەی مانناییەكان چوو كە كەسێك بەناوی(ئاخسری) دەسەڵاتدار بوو، هێرشی ئاشووریەكان بۆ ئەم ناوچەیە بووە هۆی كشانەوەی مانناییەكان و لەئەنجامدا داگیركردنی ئیزیرتا(نزیك شاری بۆكانی ئێستا) پایتەختی دەوڵەتی ماننای لێكەوتەوە، شكستی گەورەی ئاخسری لەم شەڕەدا تۆوی شۆڕشی لە ناوچەی مانناییەكان دامركاندەوە و ئاخسری لەو جەنگەدا كوژرا، كوڕەكەی بەناوی (ئوئالی-Ualli) پەیمانی لەگەڵ ئاشووریەكان بەست و بوون بەباجدەری ئاشووریەكان (دیاكونوف،١٣٩٠: ٢٦٠).

پێدەچێت ئامانجی دواتری ئاشوور بانیپاڵ ناوچەی میدیەكان بووبێت، بەڵام ڕووداوێكی ترسناكی سیاسی لەمێژووی ئاشوور بووە ڕێگری لەم كارە، ئەویش ڕاپەڕینی بەربڵاوی(شاماشاموكین ٦٦٨-٦٤٨پ.ز) برای ئاشوور بانیپاڵ بوو، كە لەلایەن ئاشووریەكانەوە بە پاشای بابل هەڵبژێردرابوو، ئاشوو بانیپاڵ دەیویست ئەو نەتەوە جیاوازانەی كە هاوكاری

شاماشاموکین لەو ڕاپەڕینە کرد، کەپێدەچێت میدیەکان یەکێك لەوانە بووبن لەناوببات، وەك ئەوەی هیرۆدۆتس باسی لێوە دەکات کە فرائورتس لەگەڵ بەشێکی زۆر لە سوپاکەی لەو شۆڕشەی کە دژی ئاشووریەکان ئەنجامیدا کوژرا (Herodouts,1952:103-104)، هەندێك لە مێژوونوسان پێیان وایە کوژرانی فرائورتس لەلایەن ئەسکیتییەکان بووە کە هاوپەیمانی ئاشووریەکان بوون (گرانتوسکی و آخرون، بدون سال چاپ: ٦٩)، میدیەکان بۆ ماوەی ٢٨ساڵ بوونەتە ژێردەستە و باجدەری ئەسکیتیەکان (فخري،١٩٨٠: ٢١٣).

## سێیەم:سیاسەتی دەرەوەی کیاکسار

کیاکسار بەخاوەن دیدگەیەکی ستراتیجی بەرفراوان و هەستێکی سیاسی واقعییانە و سەرکردەیەکی تایبەتمەند ناسرابوو، لەهەمان کاتیشدا جەنگاوەرێکی کارامە بووە، هەموو هێز و توانای خۆی کۆکردبووەوە بۆ ڕزگارکردنی میدیەکان و هەموو گەلانی ڕۆژئاوای ئاسیا وەك(بابلیەکان-ئەسکیتیەکان و هەخامەنشینیەکان) لەژێر دەسەڵاتی ئاشووریەکان (ئەلخەلیل،٢٠١٣: ٨١).

دوای دەستبەکاربوونی، یەکەم کاری سیاسی دەرەوەی کیاکسار لەساڵی ٦٢٥پ.ز پلانی ئازادکردنی میدیەکان بووە لە ژێر دەستی ئەسکیتیەکان، کە بۆماوەی ٢٨ساڵ دەستیان بەسەر دەوڵەتی میدی گرتبوو، بۆیە کیاکسار پلانێك دادەنێت بۆ لەناوبردنیان، ئەویش دوای ئەوەی گەورەکانیان میوانداری خوانێك دەکات و پاش سەرخۆشیان کومەڵ کوژیان دەکات(Herodotus,1950: 103)، بەو هۆیەوە توانیویەتی ژمارەیەکی زۆریان لێ بکوژێت، بەو جۆرە میدیەکان خۆیان لەژێردەستیان ڕزگارکردووە. دواتر هەوڵیداوە سوپای میدی بەشێوەیەکی پێشکەوتوو و مۆدێرن ئامادەبکات، بەشێوەیەکی ڕێك و پێك سوپاکەی تۆکمە کردووە (مشکور،١٣٦٣: ١٥٥)، بۆ فراوانکردنی خاکی وڵاتی خۆی لەلای خۆرهەڵات و باشوورەوە هەوڵیداوە، بەشێك لەو خاکانەی خستوونەتیە ژێر دەسەڵاتی خۆی، ناوچەکانی پارس بووە (مروان،٢٠٠٦: ٩١).

بەستنی هاوپەیمانی لەنێوان میدیا و ئیلام لە باشوور و لەنیوان میدیا و بابل لە ڕۆژئاوا، گرنگترین هاوپەیمانی ستراتیجی لەگەڵ پاشای بابلی(کلدانی) نەبوبلاسەر-Nabupolassar(٦٢٦-٦٠٥پ.ز)دابوو(مشکور،١٣٦٣: ٩٥)، تەنانەت بە هاوسەرگیری (ئەمیتس)ی کچی لەگەڵ نەبوخزنەسەریNebuchadnessar (٦٠٥-٥٦٢پ.ز) کوڕی نەبوبلاسەر بوو، بەر لە پاشای ئاشووری(ئاشوور بانیپاڵ)، نەبوبلاسەر فەرمانڕەوای بابل بوو، بەڵام ئەو هەمیشە ئارەزووی سەربەخۆی وڵاتەکەی لە دەوڵەتی ئاشووری لە مێشك دەرنەچوو،چونکە نەبوبلاسەر ئامانجی دووبارە دروست کردنەوەی دەوڵەتی بابل بوو کە پێشوتر لەلایەن ئاشووریەکانەوە ڕووخابوو و سەرباری ئەو زوڵم و زۆرەی کە پاشاکانی ئاشوور لەبەرامبەر خەڵکی بابل دەیانکرد لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە، لەم هاوپەیمانیەتە کیاکسار بەتەنیا هێزێکی تازەی ڕانەکێشایە پاڵ خۆی، بگرە هێزێکی گەورەی لە ئاشووریەکان کێشایەوە، کە دەکرا ڕۆژێك لە ڕۆژان دژ بە میدیەکان بەکاری بهێنێت (رضائی،١٣٦٤: ١٥٧).

کیاکسار درکی بەو هەموو ڕاستییانە کردبوو، ڕەوشتی پێشەوایی کردن و سیاسەتە ڕاست و دروستەکەی بەڵگەی حەشا هەڵنەگری ئەو ڕاستیەن، ئەو دەیزانی ئامادەکردنی کەش و هەوای سیاسی هەرێمایەتی لەبار پێویستە بۆ گەشتن بە ئامانجە چاوەڕوان کراوەکەی، پاش کۆتاهێنانی ئامادەیی سەربازی و گرێدانی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ دەرەوەدا، لەساڵی٦١٥پ.ز هێرشی بردە سەر دەوڵەتی ئاشوور (سلیم،٢٠٠٠: ٤٣٠)، سەرەتا شاری ئاشوور[١٧]پایتەختی کۆنی ئاشووریەکانی داگیرکرد، بەگرتنی ئەم شارە پیرۆزە سەروەتێکی زۆریان بەدەست هێنا، ئەوەی لەنووسراوەکانی نەبوپلاسەر هاتووە، ئەو ئامادە نەبوو لەداگیرکردنی ئەم شارە هاوکاری کیاکسار بکات و تەنانەت ماتەمینی بۆ سوکایەتی بە پەرەستگای ئاشووریەکان و لەسەر زەوی ڕاکشا (دیاکونوف،١٣٩٠: ٢٧٩-٢٨٠)، دواتر بەرەو نەینەوا[١٨] ڕۆیشت، لەساڵی ٦١٢پ.ز سوپای میدیا و بابل لە روباری دیالە یەکیان گرت و تاوەکو شوراکانی نەینەوا چوونە پێش (گرشویچ،١٣٨٧: ٢٠٨).

لەدوای شکستی شاری ئاشوور، پاشای ئاشووریەکان داوای هاوکاری لە ئەسکیتیەکان کرد، بەڵام ئەسکیتیەکان لەدۆخێکی خراپ خۆیان بینیەوە، چونکە لەلایەکەوە لەگەڵ بابلیەکان لە کێشمەکێشم بوون و لەلایەکی دیکەشەوە ئامادەی شەڕ لەگەڵ میدیەکان نەبوون، هۆکاری نیگەرانی پاشای ئاشوور لە میدیەکان بوو نەك بابلیەکان، پێدەچێت ئەگەر ئەسکیتیەکان هێرشی میدیەکان بوەستاندایە، ئاشووریەکان بەئاسانی دەیانتوانی بابلیەکان شکست پێ بهێنن (پیرنیا،١٣٩١،ص١٨٧)، ئەسکیتیەکان تیگەشتن لەوەی ناتوانن هاوکاری ئاشووریەکان بکەن و ئاشوور شکست دەهێنێت، لەبەر ئەوە ئەو بەڵایەی بەسەر فراوەرتیش هێنایان بەسەر ئاشووریەکانیشیان هێنا، بۆیە هاتنە پاڵ میدیەکان (زرین کوب،١٣٧١: ٤٢).

کیاکسار و نەبوپلاسەر پێکەوە بەرەو نەینەوا کەوتنە ڕێ، ئاشووریەکان بەرگری لە شارەکەیان بەشەڕی ژیان و مردن دەزانی، گەمارۆی شارەکە بۆماوەی چەند مانگێك بەردەوام بوو، برسێتی وای لەخەڵکی شار کرد بڕۆنە دەرەوە، وادیارە پاشای ئاشوور(سین شار ئیشکۆ) لە کەوتنی شارەکەی دڵنیابویەوە، ئاگری لە کۆشکەکەی بەردا و خۆی و ئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتی کە لە نەینەوا بوون سوتاند[١٩] (زرین کوب،بدون سال : ١٠٧).

بەپێچەوانەی ئاشووریەکان کە توندوتیژترین ڕەفتاریان لەدژی خەڵکی ناوچە داگیرکراوەکان بەکارهێناوە، باسەکان ئەوە دەردەخەن کە میدیەکان خراپ مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکی هیچ ناوچەیەکی ئاشوور نەکردووە و زیانیان بە پەرەستگاکان نەگەیاندووە، ژیانی خەڵکی شار و نیشتەجێ بووەکانیان تێکنەداوە، دوای ڕووخانی دەوڵەتی ئاشوور ژیان لە ناوچە نیشتەجێ بووەکانی ژێر دەسەڵاتی میدیەکان ئاسایی بووەتەوە و دڵخۆش بوون بەو دۆخە نوێیە (کرتیس،١٣٨٧: ٢١)، لەدونیای کۆندا هیچ مێژوویەك نەبووە کە نەتەوەیەکی بێگانە دەوڵەتێك داگیربکات و خەڵکی ئەو دەوڵەتە بە کۆیلە نەکات، بەڵام میدیەکان کارێکی وایان نەکرد و نەتەوەی ئاشووریان بە ئارەزووی خۆیان جێهێشت تا وەك هاوڵاتیەکی دەوڵەتی میدی درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن(خنجی، بدون سال چاپ: ١٦٣)، ئێمە ئاگاداری ئەو باجانە نین کە بەسەر خەڵکی ئاشووردا سەپێنراوە، بەڵام ئەو ڕەزامەندیە کە بەدەستیان هێنا بەرامبەر بە دەوڵەتی نوێ دەتوانێت ئاماژە بێت بۆ ئەوەی باجەکان زۆر سوکتر بوون لەسەردەمی ئاشووریەکان (زرین کوب،١٣٧٧: ٩٩).

ئاشوور ئۆبالیت کۆتا پاشای ئاشووریەکان لەدوای شکستی نەینەوا بەرەو کرخەمیش(باکووری سوریا) ڕۆیشت و لەوێ لەلایەن فیرعەون نخاوی میسریەوە پارێزگاری لێ دەکرا، لەگەڵ ئورارتییەکان کەوتە دانوسانەوە و داوای هاوکاری لەپاشای ئورارتییەکان کرد، پاشای ئورارتی لەبەهێزی دەوڵەتی میدیەکان ئاگادار بوو، هێزی سەربازی نارد بۆ یارمەتیدانی ئاشوور ئۆبالیت، ئەم کارەی لەنەریتی کۆندا ڕاگەیاندنی شەڕ بووە لە پاشای ئورارتی بۆ پاشای میدیا، بۆیە کیاکسار بە سوپایەکەوە بەرەو ئورارتی بەڕێ کەوت و بەسەرکەوتنی کیاکسار بەسەر ئورارتییەکان کۆتای هات و ئورارتییەکان بوون بە ژێردەستە و باجدەری دەوڵەتی میدیا (سایکس،١٣٥٥: ١٦٤).

میدیەکان دوای ئەوە دەستکەوتێکی زۆریان لەگەڵ خۆیان برد و لە نەینەوا کشانەوە، لەکاتێکدا نەبوپلاسەر بەردەوام بوو لە پێشڕەوی خۆی بەرەو ڕۆژئاوا و گەیشتنە شاری نوسیبەین، لەساڵی ٦١٠پ.ز میدیەکان گەڕانەوە بۆ داگیرکردنی ئاشوور بە هاوکاری نەبوپلاسەر هێرشیان کردە سەر شاری حەڕان و داگیریان کرد، هۆکاری لە دەستدانی ئاشووریەکان لە حەڕان دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنی هاوکاریەکانی میسر، کە لەکاتی خۆیدا نەگەیشتن (بکر،٢٠٠٥: ١٦٩؛رحمان،٢٠١٩: ١٣٥).

دواتر دەوڵەتی میدیا و بابل ناوچەکانی دەوڵەتی ئاشووریان لەنێوان خۆیان دابەش کرد،وڵاتی دووڕووباری خوارو و فەلەستین بوو ن بە بەشی بابلیەکان و ئەوەی پەیوەست بوو بە زاگرۆس و دەریاچەی وان بوو بە بەشی میدیەکان (ولی و بصیری،١٣٧٩: ١٨؛فرح، بدون سال چاپ : ٨٤).

بەڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ئاشوور، ئیسکیتیەکان دۆستێکی گەورەیان لەدەست چوو، سەرەڕای پەلکێشکردنیان بۆ ژێر دەسەڵاتی میدی بەڵام ئەسکیتیەکان هەمیشە هەلیان دەقۆستەوە و شەڕی میدیەکانیان دەکرد، بۆیە کیاکسار هێرشی بردە سەریان و تێکی شکاندن و ناچاری کردن بەرەو ڕۆژئاوا هەڵبێن و پەنا ببەنە بەر دەوڵەتی لیدیای دراوسێی دەوڵەتی میدیا. هێڵی سنوری نێوان ئەم دوو دەوڵەتە ڕووباری هالیس(قیزیل ئیرماق) بوو (مەخدوم،بێ ساڵی چاپ: ٤٠)، کیاکسار داوای لە ئیلیاتیسی پاشای لیدی کرد، تا ئەسکیتیە هەڵاتووەکانی ڕادەست بکاتەوە، بەڵام ئیلیاتیس داواکەی ڕەت کردەوە، بۆیە ساڵی(٥٩٠پ.ز) میدیا شەڕی لیدیای ڕاگەیاند و کیاکسار سەرکردایەتی سوپاکەی کرد و بەرەو ناوەندی ئەنادۆڵ چوو. شەڕ بۆ ماوەی شەش ساڵ درێژەی کێشا بەڵام لایەکیان شەڕەکەیان نەبردەوە، بەڕێکەوت ڕۆژێك خۆرگیراو تاریکی باڵی کێشا بەسەر ناوچەکەدا، هەردوو لایەنی شەڕەکە گەشتنە ئەو بروایەی کە ئەم خۆرگیرانە تووڕەبوون و غەزەبی خواوەندە، بۆیە ئاشتیان ڕاگەیاند و هاوپەیمانیەتیەکیان مۆرکرد و بۆ پتەوکردنی ئەم هاوپەیمانیەش (ئاستیاگس)ی کوڕی کیاکسار و (ئەرینس)ی کچی ئیلیاتیس هاوسەرگیریان پێکهێنا (سایکس،١٣٥٥،ص١٧١؛رازی،١٣٤٧،ص١٨-١٩)، لەدوای بەستنی

پەیمان لەنێوان میدیا و لیدیەکان، کیاکسار فەرمانیدا شارێك لەڕۆژهەڵاتی ڕووباری هالیس دروست بکات، ئەم شارە حەوت دەروازەی هەبووە بەناوی (پتریا) کە لە ئەمڕۆدا بەناوی(قەڵای کەیکاوس)یان (کرکەس داغ) بەناوبانگە (خنجی،بدون سال چاپ:٤٤١-٤٤٢).

کەواتە لە دوو دەیەی کۆتایی سەدەی حەوتەمی پ.ز میدیەکان نزیکەی هەموو نەتەوەکان کە لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران نیشتەجێ بوون، وەك ئەسکیتیەکان-مانایەکان-ئۆرارتۆیەکان و ئاشووریەکان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و لە تەنیشت بابلیەکان بەتواناترین هێزی ناوچەکە بوون (دیاکونوف،١٣٩٠: ٢٩٢).

دوای سەرکەوتنی زۆر و داگیرکردنی فراوانترین خاکەکانی ناوچەی ئاسیای کۆن و ژێردەستەکردنی زۆرێك لە دەوڵەتان، کیاکسار بڕیاریدا دەوڵەتە گەورەکەی خۆی بنیات بنێت بە پەیوەست بوون بە ڕۆژئاوای دەوڵەمەند لەگەڵ شارە بازرگانیەکانی لیدیا و یۆنان، خولیای کیاکسار گەیشتن بوو بەدەریای ئیجە، هۆکاری ئەمەش بۆ بەرەوپێشچوونی پەیوەندی بازرگانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بووە (خنجی،بدون سال چاپ:٤٤٠).

کیاکسار سنووری دەوڵەتی میدیای تا ئەندازەیەك فراوان کرد، هەرگیز لەوە فراوانتر نەبوو، بەو پەیمانە ئاشتیەی کە لەنێوان میدیا-بابل و لیدی بەسترا تاوەکو سێ دەیە ئەم دەوڵەتانە لەئاشتی و ئارامیدا بوون، هاوسەرگیریە سیاسیەکانی نێوان ئەم دەوڵەتانە وای کرد تاوەکو ماوەیەك بەئارامی لە تەنیشتی یەکتر بژین (جلیلیان،١٣٨٣: ٢٢).

**چوارەم:سیاسەتی دەرەوەی ئەستیاگس**

لەڕاستیدا لەسەردەمی پاشایەتی و ژیانی سیاسی و سەربازی کۆتا پاشای میدی زانیاری زۆرمان لەبەردەستدا نیە، چونکە ئەو سەرچاوانەی کە هەن باس لە کۆرشی دووەم(کۆرشی مەزن)٥٥٩-٥٣٠پ.ز لە کۆشکی ئەستیاگس دەکەن یان دوا ساڵەکانی پاشایەتی ئەستیاگس، بۆیە پێویستە لە ژێر ڕۆشنایی زانیارییەکان دەربارەی کۆرشی دووەمی فارسی، زانیاری سەردەمی ئەستیاگس؛ هەڵێنجێنین .(Schmitt,1987: 874)

ئەستیاگس لەسەرەتای دەسەڵاتیدا ویستی درێژە بەو سیاسەتە فراوانخوازیانە بدات کە کیاکسار ئەنجامی دابوو، بەڵام هەر زوو تێگەیشت دۆخی ڕۆژئاوای ئاسیا و دەوڵەتانی دراوسێ ڕێگر بوو لەم کارە، چونکە ئەگەر دەوڵەتی میدیا بیەوێت لە ڕۆژئاوا گەشە بکەن، ئەوا ناچار دەبن لەگەڵ دەوڵەتی لیدی و بابل شەڕ بکەن. دەوڵەتی لیدیا بەهۆی بوونی پاشا ئالیات وکرزوس بەهێز بوو و لەگەڵ یۆنانیەکان و میسریەکان پەیوەندیەکی دۆستانەی بەهێزیان هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کچی پاشا ئالیات شاژنی میدی بوو. بابل خاوەنی پاشایەکی وەك نەبوخزنەسەر بوو، کە خاوەن ئیرادەیەکی بەهێز بوو (پیرنیا،١٣٩١: ١٧٩-١٨٠؛ رضاقلی،٢٠١٢: ٩٥)، پاشای بابل بە پێشبینی کردنی ئەگەری شەڕ لەگەڵ میدیا بەخێرایی دەستی دایە قایمکردنی پێگەکانی خۆی و دروست کردنی بیناکانی خۆپاراستن کە لە ڕیزی ئەواندا دەتوانین ئاماژە بەناوی دیواری مەزنی میدی و دەریاچەی مەزنی سیپار[٢٠]...تاد بکەین، شاری بابل لەهەموو لایەکەوە بە خەندەقێك دەوری گیرابوو کە لە کاتی پێویستدا دەکرا بە ئاو پڕبکرێتەوە و پایتەخت بکاتە قەڵایەکی لەگیراننەهاتووی هاوشێوەی دوورگەیەك لەنێو دەریادا (عەلی یێف،٢٠١٦: ٤٧٠)، لەگەڵ ئەوەشدا خوشکی پاشای میدی شاژنی بابل بوو. لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی بەهێزی میدیەکانەوە لیدی و بابل نەیاندەویست بکەونە شەڕەوە لەگەڵ دەوڵەتی میدی. ئەوە بوو نزیکەی سی ساڵ ئاشتی و ئارامی بەخۆیەوە بینی (پیرنیا،١٣٩١: ١٧٩-١٨٠).

دوای مردنی نەبوخزنەسر لەساڵی ٥٦١پ.ز بابل تووشی بێ سەروبەری هات و لەماوەی شەش ساڵدا سێ پاشا بەدەسەڵات گەیشتن. لەئاکامدا نەبونائیدNabonidus[٢١](٥٥٦-٥٣٩پ.ز) لەسەر تەخت دانیشت، بابل سەردەمی شەڕە دژوارە نێوخۆییەکانی تێپەڕ دەکرد. هەلومەرج و بارودۆخی نوێ کە هاتبووە پێش، هێرش کردن بۆسەر سنوورەکانی بابلی ئاسانتر دەکرد، بۆیە پاشای میدی هەوڵی داوە لەم هەلومەرجە کەڵك وەربگرێت (عەلی یێف،٢٠١٦: ٤٧٠)، پێدەچێت کۆمەڵێك قولەی پاسەوانی کە دەگەڕێتەوە بۆ میدیەکان لەڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە بۆ سەردەمی ئەستیاگس بگەڕێتەوە (بجنوردی،١٣٩٣: ٤٤١).

پێش بەدەسەڵات گەیشتنی نەبونائید، شەڕێکی قورس لەسەردەمی(نێریگ لیسار) [٢٢] ٥٦٠-٥٥٦پ.ز ڕووی داوە، میدیەکان لە پێشتردا دەستیان بەسەر حەڕان دا کە لە باکووری میسۆپۆتامیا هەڵکەوتبوو، گرتبوو. دەستبەسەرداگرتنی حەڕان پەیوەندی بابل لەگەڵ سوریا و وڵاتانی دەریای ناوەڕاستی خستە مەترسیەوە، ئەگەرچی نەیتوانی بەتەواوی بیپچڕێنێت(عەلی یێف،٢٠١٦: ٤٧٠).

کۆرشی دووەم، ئەستیاگسی بەکەسێکی بێ بەزەیی و ستەمکار دەزانی، بۆیە شۆڕشی دژی ئەستیاگس کرد (اومستد،١٣٨٨: ٤٦؛زرین کوب،١٣٧٧: ١٠٥)،کۆرشی دووەم لە ناوچەیەك کە باجدەری میدیەکان بوو گەشەی کرد، لەوسەردەمەدا نەبونائید پاشای بابل کە پەیوەندی لەگەڵ میدیەکان تێك چوو بوو و بووە هاوپەیمانی کۆرشی دووەم (گیرشمن،١٣٧٢: ١٣٢-١٣٣ ؛ زارع،١٣٩٥: ١٠٠-١٠١)،

ئامانجی پاشای بابل لە هاوکاری کۆرشی دووەم دەربازبوون بوو لە مەترسی میدیەکان، چونکە پاشای بابل دەیویست دەست بەسەر حەراندا بگرێتەوە،[23] بۆ ئەم مەبەستەش نابونائید بۆ هاوکاری کۆرشی دووەم چەند سوپایەکی جۆراوجۆری خستە ئامادەباشیەوە، بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستیدا بچێت بە هانایەوە (شاندرو،١٣٧١: ٧١؛شیرۆکی،٢٠١٩: ١٩١)، ئەستیاگس بۆ لەناوبردنی ئەم پەیوەندیەی(نابونائید و کۆرشی دووەم) بانگهێشتی کۆرشی دووەمی کرد (گیرشمن،١٣٧٢: ١٣٢)، لەلایەکەوە نابونائید لەم کاتەدا سوودی وەرگرت و دەستی بەسەر حەران گرتەوە (اومستد،١٣٨٨: ٥٠)، تاوەکو بتوانێت بە ئاسانی لەگەڵ سوریا پەیوەندی ببەستێت (ایسرائیل،١٣٨٠: ٩٠).

بەپێی نووسراوی نەبونائید لەساڵی شەشەمی فەرمانڕەوایەتیەکەی کۆرشی دووەم بەسەر میدیەکان سەرکەوت (ارفعی،١٣٨٩: ٢٦-٢٧)، کەواتە ساڵی شەشەمی فەرمانڕەوایەتی نەبونائید ٥٥٠پ.ز بووە، کە کۆرشی دووەم بەسەر میدیەکان سەرکەوتووە (بروسیوس،١٣٨٨: ٥٨).

کۆتایی تەمەنی ئەم دەوڵەتە و خێرایی لەنێوچوونی بووەتە هۆی سەرسوڕمانی توێژەران، لەنێوان(٦٠٦-٥٥٠پ.ز) واتە لەنێوان لووتکە و لەنێوچوون تەنها ٥٦ساڵ مەودای هەیە، ئەم مەودایە بۆ فەرمانڕەوایەتی درێژە بەڵام بۆ تەمەنی دەوڵەت زۆر کورتە (گولیاموف،٢٠١١: ٢٨٩).

## دەرئەنجام:

پاش خستنەڕووی توێژینەوەکەمان، گەیشتینە چەند دەرئەنجامێك، لەم خاڵانەی خوارەوە کورتی دەکەینەوە:

١- سنووری جوگرافیای دەوڵەتی میدیا پەیوەست بووە بە بەهێزی و لاوازی، سنووری ئەم دەوڵەتە لەوپەڕی بەهێزی خۆیدا لەباکوورەوە قەوقازی باشووری بووە، باکووری ڕۆژئاوا کوردستانی باشووری ئەمڕۆ بووە، باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچوك و باکووری سوریا بووە، لە ڕۆژئاواو و باشووری ڕۆژئاوا سنوورەکانی ئەمڕۆی ئێران و عێراق، سنووری دەوڵەتی میدیا و بابل بووە.

٢- سیستەمی حکومڕانی دەوڵەتی میدی پاشایەتی بووە، بەڵام پێویستی دەوڵەت وا دەکات لەدواتردا بگۆڕێت بۆ سیستەمی حکومڕانی پاشایەتی سەربازی.

٣- سیاسەتی دەرەوەی دیاکۆ هاوپەیمانی بووە لەگەڵ دەوڵەتەکانی دەوروبەری لەوانە ئۆرارتۆیەکان، تاوەکو بتوانێت ڕووبەڕووی دەوڵەتی ئاشوور ببێتەوە.

٤- لەسەردەمی فرائورتس سەرەتا سیاسەتی باوکی پەیڕەو دەکرد، هاوپەیمانیەکی لەگەڵ دەوڵەتانیماننا،ئەسکیتیەکان و کیمیریەکان بەست دژ بە دەوڵەتی ئاشوور، بەڵام لە هەوڵەکانی سەرکەوتوو نابێت و لەجەنگێك لەلایەن ئاشووریەکانەوە دەکوژرێت.

٥- لەسەردەمی کیاکسار دەوڵەتی میدیا گەیشتە لوتکەی دەسەڵاتی خۆی و بە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ دەوڵەتی بابل توانیان کۆتایی بە دەسەڵاتی دەوڵەتی ئاشوور لەساڵی ٦١٢پ.ز بهێنن و ئەسکیتیەکان،مانایەکان و ئۆرارتۆیەکان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

٦- توندوتیژی و زوڵمی ئەستیاگس لەلایەك و ڕەوشی سیاسی و گۆڕانکارییەکانی ئەوسەردەمە لەلایەکی دیکەوە وای کرد دەوڵەتی میدی لەلایەن هەخامەنشینیەکانەوە کۆتایی پێبێت.

## سەرچاوەکان:

ئەحمەد، جەمال ڕەشید و ڕەشید، فەوزی.(٢٠١١)، مێژووی کۆنی کورد، وەرگێڕانی:ملکۆ کەلاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

ئەلخەلیل، ئەحمەد محمود.(٢٠١٣)، مەملەکەتی ماد، وەرگێڕانی:حەمە سەعید کەلاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

بهزادی، روقیە.(٢٠١١)، ئاریایی و نائارییەکان لە ڕوانگەی کۆنی مێژوودا، وەرگێڕانی:فەرهاد خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

تابانی،حەبیبوڵلای.(٢٠١٠)، هاونەتەوەی قەومی کورد و ماد، وەرگێڕانی:جەلیل گادانی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

جەمیل، کەلسومە.(٢٠٢١)، سەردەمانێك لە مێژووی دێرینی کورد، چاپی سێیەم، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.

سەرفراز، عەلی ئەکبەر و فەیرۆزمەندی، بەهمەن.(١٣٨٥)، دێرینەناسی و هونەر لەسەردەمە مێژوویەکانی دەوڵەتی ماد و هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانی، وەرگێڕانی:وریا قانع،چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

شێرۆكی، بەدر ئیسماعیل.(٢٠١٩)، ناسنامەی دزراوی نەتەوەیەك، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
علی یێف، ئیقرار.(٢٠١٦)، پاشایەتی ماد، وەرگێڕانی:سەلام ئیسماعیل پوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران.
قەفتان، صالح.(٢٠٠٥)، مێژووی گەلی کورد لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئۆفێستی شڤان، سلێمان.
مەخدوم، مەنسور.(بەبێ ساڵ)، گرنگی کورد و کوردستان لە قۆناغە مێژووییەکانی ئێران تا سەردەمی ئەفشاریە، وەرگێڕانی:رەفعەت مورادی، چاپخانەی ڕوون.
الاحمد، سامی سعید و الهاشمی، رضا جواد.(دون تاريخ) تاريخ الشرق الادنى القديم(الايران و الاناضول)، بغداد.
اوتس، جون.(١٩٩٠)، بابل تاريخ مصور، ترجمة:سمير عبدالرحيم الجليلي، بغداد.
بكر، هاني عبدالغني عبدالله.(٢٠٠٥)، حركات التحرير في العراق القديم، بإشراف:حسين ظاهر حمود، رسالة الماجستير في التاريخ القديم، كلية الآداب في جامعة الموصل، موصل.
بورتر، هارفى،(١٩٩١)، موسوعة مختصر التاريخ القديم، الطبعة الأولى، القاهرة.
رزقانه، ابراهيم و الاخرون.(بدون تاريخ)، حضارة مصر و الشرق القديم، دار مصر للطباعه، مصر.
ساكز، هارى.(١٩٧٩)، عظمة بابل، ترجمة عامر سليمان، موصل.
سليم، احمد امين.(٢٠٠٠)، تاريخ العراق-إيران-آسيا الصغرى، دار المعرفة الجامعية، الاسكندريه.
علي، عادل هاشم.(دون تاريخ)، الدولة الميدية(٧٤٥-٥٥٠ق.م)أول إمبراطورية في إيران القديم، مجلة دراسات ايرانية، العدد١٣.
فخري، احمد.(١٩٨٠)، دراسات في تاريخ الشرق القديم(مصر و العراق-سوريا-اليمن-إيران)، مكتبة الأنجلو المصرية، مصر.
فرح، نعيم.(دون تاريخ) تاريخ الشرق الأدنى القديم(السياسي-الاجتماعي-الاقتصادي و الثقافي)، دار الفكر، دمشق.
گولياموف، صلوات.(٢٠١١)، آريا القديمة و كردستان الأبدية(الكرد من أقدام الشعوب)، ترجمة:إسماعيل حصاف، الطبعة الاول، مطبعة روژهەلات، هەولێر.
مهران، محمد بيومى.(١٩٩٠)، تاريخ العراق القديم، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.
ارفعى، عبدالمجيد.(١٣٨٩)، فرمان كورش بزرگ، مركز دائره المعارف بزرگ اسلامى، تهران.
اومستد، آلبرت تن يك.(١٣٨٨)، تاريخ شاهنشاهى هخامنشى، ترجمه:محمد مقدم،چاپ چهارم، انتشارات علمى و فرهنگى، تهران.
ايسرائيل، ژرار.(١٣٨٠)، كورش بزرگ بنيادگذار امپراتورى هخامنشى، ترجمه:مرتضى ثاقب فر، انتشارات ققنوس، تهران.
ايمانپور، محمد تقى.(بدون سال)، بررسى رابطه مادها و پارس ها پيش از ظهور امبراتورى هخامنشيان، پژوهش هاى تاريخى، دوره جديد، سال سوم، شماره چهارم.
بجنوردى، كاظم موسوى.(١٣٩٣)، تاريخ جامع ايران، جلد اول، چاپ اول، ناشر مركز دائره المعارف بزرگ اسلامى، تهران.
بروسيوس، ماريا.(١٣٨٨)، شاهنشاهى هخامنشى از كوروش بزرگ تا اردشير اول، ترجمه:هايده مشايخ، نشر ماهى، تهران.
بهزادى، رقيه.(١٣٨٩)، آرياها و نا آرياها در چشم انداز كهن تاريخ ايران، انتشارات طهورى، تهران.
پرويز، عباس.(بدون سال)، تاريخ دوهزاروپانصد ساله ايران، جلد اول، چاپ على اكبر علمى.
پلاگ.(١٣٧٥)، انسان شناسى فرهنگى،ترجمه محسن ثلاثى، چاپ اول، انتشارات علمى، تهران.
پيرنيا،حسن.(١٣٩١)، تاريخ ايران باستان(تاريخ مفصل ايران قديم)، جلد اول، انتشارات نگاه، تهران.
جليليان، شهرام.(١٣٨٣)، روابط ماد و ليدى، تاريخ، رشد آموزش تاريخ، شماره پانزدهم.
تالبوت، تامارا رايس.(١٣٧١)، سكاها، ترجمه:رقيه بهزادى، انتشارات يزدان، تهران.
خداداديان، اردشير.(١٣٨٣)، تاريخ ايران باستان(آريايى ها و مادها-هخامنشيان-سلوكيان)، جلد اول، انتشارات سخن، تهران.
خنجى، اميرحسين.(بدون سال)، بازخوانى تاريخ ايران زمين، جلد اول.
دياكونوف، ايگور ميخائيلويچ.(١٣٩٠)، تاريخ ماد، ترجمه:كريم كشاورز، چاپ دهم، انتشارات علمى فرهنگى، تهران.
رازى، عبدالله.(١٣٤٧)، تاريخ كامل ايران از تأسيس سلسله ماد تا عصر حاضر، چاپ چهارم، چاپخانه اقبال، تهران.
رجبى، پرويز.(١٣٨٠)، هزاره‌هاى گمشده(هخامنشيان به روايتى ديگر)، جلد دوم، چاپ اول، انتشارات توس، تهران.
رحمن، امامعلى.(٢٠١٩)، نگاهى به تاريخ و تمدن آريايى، چاپ دوم، نشر مهرى، لندن.

رضاقلی، محمود.(۲۰۱۲)، تاریخ سیاسی ایران باستان، سوئد.
رضائی،عبدالعظیم.(۱۳٦٤)، تاریخ دەهزار ساله ایران، جلد اول، چاپ اول، انتشارات اقبال، تهران.
زارع، فریبا.(۱۳۹٥)، حکمرانان مادی در متون نو آشوری(ارائه فهرست جدید از شاهان و حمرانان مادی)، فصلنامه علمی و پژوهشی تاریخ اسلام و ایران دانشگاه الزهرا، سال بیست و ششم، شماره۳۲.
زرین کوب، روزبه.(بدون سال) بنیان گذاری اتحاد مادها و اهمیت منبع شناسی آن.
زرین کوب، عبدالحسین.(۱۳۷۱)، روزگاران یا گذشته باستانی ایران، انتشارات سخن، تهران.
زرین کوب، عبدالحسین.(۱۳۷۷)، تاریخ مردم ایران(ایران قبل از اسلام-کشمکش باقدرتها)، انتشارات امیرکبیر، تهران.
سایکس، سرپرسی.(۱۳٥٥)، تاریخ ایران، ترجمه سید محمود فخرداعی، جلد اول، چاپ دوم، کتاب فروشی زواره، تهران.
شاندرو، آلبر.(۱۳۷۱)، کورش کبیر، ترجمه:محمد قاضی، انتشارات زرین، تهران.
شهبازی، علیرضا شاپور،(۱۳٥۰)، کورش بزرگ، چاپ اول، انتشارات دانشگاه دانشگاه پهلوی، شیراز.
شهمیری، مجتبی خوب.(۱۳۸۷)، اوضاع سیاسی و اجتماعی شمال غربی ایران در قرن هفتم قبل از میلاد، راهنما:ژاله آموزگار، پایاننامه کارشناسی ارشد، دانشگاه تهران، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، قسم تاریخ، تهران.
قائمی، محمد.(۱۳٤۹)، هخامنشیان در تورات، انتشارات تأیید، اصفهان.
کامرون، جورج.(۱۳۷۲)، ایران در سپیده دم تاریخ، ترجمه:حسن انوشه، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.
کرتیس، جان.(۱۳۷۸)، ایران کهن، ترجمه:خشایار بهاری، نشر کارنگ، تهران.
گرانتوسکی، آ. و آخرون.(بدون سال)، تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز، ترجمه:کیخسرو کشاورزی.
گرشویچ، ایلیا.(۱۳۸۷)، تاریخ ایران کمبریج، ترجمه:تیمور قادری، جلد دوم، قسمت اول، نشر مهتاب، تهران.
گیرشمن،رومن.(۱۳۷۲)، ایران از آغاز تا اسلام، ترجمه:محمد معین، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.
مجیدزاده، یوسف.(۱۳۷٦)، تاریخ و تمدن بین النهرین، جلد اول، مرکز نشر دانشگاهی، تهران.
مشکور، محمد جواد.(۱۳٦۳)، ایران در عهد باستان(در تاریخ اقوام و پاشاهان پیش از اسلام)، چاپ چهارم، چاپ گلشن، تهران.
ملازاده، کاظم.(۱۳۹۳)، باستان شناسی ماد، چاپ اول، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاه‌ها مرکز تحقیق و توسه علوم انسانی، تهران.
ملازاده، کاظم و طاهری، معصومه.(۱۳۹٤)، جغرافیای تاریخی ماد بعد از تشکیل پاشاهی و گسترش آن(٦۱۲-٥٥۰ق.م)، فصلنامه علمی-پژوهشی تاریخ اسلام و ایران دانشگاه زهرا، سال بیست و پنجم، شماره ۲۸، تهران.
ولی، وهاب و بصیری، میترا.(۱۳۷۹)، ادیان جهان باستان، جلد سوم، چاپ اول، ناشر پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، تهران.

Barnett, R.D.(1963), Xenophon and the wall of media, The Journal of Hellenic Studies, vol 83.
Herodotus.(1952), Histories, Eneyclopaedia, Britannica, Book1, Chicago.
Levine, L.D.(1974), Geographical Studies in the neo-Assyrian Zagross I.
Rogers, R.W.(1915), A History of Babylonia and Assyria, book3.
Schmitt, Rodigar.(1987), Encyclopaedia Iranica(Astyages), ed by E.Yarshater, vol.II.
Schmitt, Rodigar.(1987), Encyclopaedia Iranica(Deioces), ed by E.Yarshater, vol.VII.
Strabo.(1857), Geography, Translated by Hans Claude Hamilton and William Falconer, Book 2, Bohn.

## پەراوێزەکان

١- میدیەکان: لە تەورات ناوی میدیەکان بە(مەدیانین) و لە نووسراوەکانی ئاشووریش بە(ئامادا-Amadai) و لە نووسراوە مێخیەکانیشدا بە(مادا-Mada) هاتووە و پیاهەڵدان بووە بۆ نەتەوەیەك یان گەلێك. ئەوەی گرنگە لەو هەموو سەرچاوانەدا، تەورات و نووسراوی ئاشووریەکان ناوی(میدیا) ناوبووە بۆ ناوچەیەك یان مەڵبەندێك نەك نەتەوەیەك، بەڵام هەرچی هیرۆدۆتس بوو وەك نەتەوەیەك ناوی بردووە. بڕوانە:(علي،بدون سنه الطبع: ٥٠ ؛ جەمیل،٢٠٢١: ١٢٢-١٢٣).

٢- مانناییەکان: وڵاتی مانا لەباشووری دەریاچەی ورمێ بوو کە بەشێکی گەورەی کوردستانی ئەمڕۆی دەگرتەوە، دانیشتوانەکەی ئاسیایی بوون و وەکو بەربەستێك لەبەردەم بەرەوپێش چوون و بەرفراوانی سنووری میدیەکان وەستابوون.بڕوانە:(بهزادی،٢٠١١: ٣١-٣٢).

٣- ئەلیپی: شانشینی ئەلیپی دەکەوتە ڕۆژئاوای زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و پایتەختەکەی نیسایی(کرماشان)بووە، خزمی نزیکی ئیلامیەکان و پاشماوەی گۆتی و کاسیەکان بوون لە باکوور. بڕوانە:(Levine,1974: 106)

٤- گیزل بوندا: ناوی ئەم ویلایەتە بۆ یەکەم جار لە نووسراوی شەمشی ئەدەدی پێنجەم لەدووەم لەشکرکێشی ساڵی٨١٥پ.ز هاتووە، دەکەوێتە ناحیەی بیجار لەسەر دەریاچەی ئورمیە. بڕوانە:(ملازادە،١٣٩٣: ١٥٧-١٥٨).

٥- پارسوا: یەکێکە لە ویلایەتەکانی دەوڵەتی میدی، بە سێگۆشەی نێوان سلێمانی و سەرپۆلی زەهاو و سنەی ئێستا.بڕوانە:(Levine,1974: 112)

٦- ئورارتی: لەنووسراوی کۆن بەشێوەی خالدی و لەتەورات بەخەڵکی ئارارات وتراوە، نزیکەی سنووری جوگرافی ئەمڕۆی ئەرمەنستانی دەگرتەوە، لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆیەمی پ.ز هاتنە ناو مێژووەوە. بڕوانە: (بهزادی،١٣٨٩: ١٧).

٧- ئەسکیتیەکان: زۆربەی توێژەران لەبارەی نەژادی ئەسکیتیەکان هاوڕان کە ئارییین و لەنەتەوەی هیندوئەورووپیەکانن، لەناوچەی ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز و ڕوسیا و چەند بەشێك لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات نیشتەجێ بوون. بڕوانە(تالبوت،١٣٧١: ٣٤).

٨- ئێران:ناوی ئێران لە وشەی ئاریا(Airiya) وەرگیراوە، کە لە (ئاڤێستا) کتێبی پیرۆزی زەردەشتیەکان بە واتای وڵاتی ئاریان دێت، دواتر وشەی (ایرانشهر) بەکارهات، لەسەردەمی ساسانیەکان و یۆنانیەکانیش وشەی(Persia) بەکارهێنراوە. بڕوانە:( الاحمد و الهاشمی،بدون سنه الطبع: ٨١-٨٢).

٩- شەمشی ئەدەدی پێنجەم(٨٢٤-٨١١پ.ز): کوڕی شەلمانسەری سێیەمە چەند جارێك هێرشی کردوەتە سەر میدیەکان و بە گوێرەی تابلۆیەکی ئاشووری لە یەکێك لە هێرشەکانی ئاشووریەکان زیانێکی زۆریان بە میدیەکان گەیاند (٢٣٠٠)کەسیان کوشت و (١٢٠٠)شوێنی نیشتەجێ بوونیان وێران کرد و (١٤٠)سوارەیان دەستگیرکرد. بڕوانە:(دیاکونوف،١٣٩٠: ١٥٩).

١٠- هانازیرۆکا: بەر لە یەکێتی نەتەوەی میدیای دیاکۆ، بەشێك لە گوندە میدیانشینەکانی میدیای ڕۆژئاوا لەژێر ناوی پاشانشینی(هانازیرۆکا) یەکیان گرتبوو، توانیبوویان لەو ڕێگاوە بەسەر تەنگ و چەڵەمە و ناکۆکیەکانی نێوانیاندا سەربکەون و ناوچەکانیان لەدەست درێژی لایەنەکانی دیکە بپارێزن، ئەوەش بێگومان ئەزموونێك بوو بۆ دیاکۆ هۆز و گوند و ناوچە هاوپەیمانەکانی دیکە تاوەکو لەسەرەتادا بنکەی دەسەڵاتی خۆی لەسەر پێکەوەگرێدانی شەش هۆز بنیادبنێ. بڕوانە(شێرۆکی،٢٠١٩: ٤٣-٤٤).

١١- هۆزەکانی میدیا: هیرۆدۆتس ناوی شەش هۆزەکەی میدیای هێناوە؛کە(بوساBusae-پاراتکنیParetaceni-ستروخاتسStruchates-ئاریزانتیArizanti-بودیBudii-مەگیMagi)بوون. بڕوانە:(Herodotus,1950: 101-102).

١٢- دیاکۆ: ناوی ئەم پاشایەی میدیا لە سەرچاوەی یۆنانی بەشێوەی(دیوکس-Deiokes) و لە نووسراوەکانی ئاشووری بەشێوەی(دئوکو-Da-a-a-uk-ku یان (دیوکو-Daiukku) و لە زمانی ئیلامی بەشێوەی(دیاوکاDa-a-ya-u-ka) هاتووە. بڕوانە:(Schmitt,1987: vol VII).

١٣- خشترپان: لەسەردەمی میدیەکان-هەخامەنشینیەکان و ساسانیەکان بە فەرمانڕەوای شارێك یان ویلایەتێك دەگوترا، ئەرکەکەی بریتی بوو لە پاراستنی سنورەکان و ئاسایش و مامەڵەکردن لەگەڵ کاروباری کارگێڕی و دارایی دەوڵەت. بڕوانە:(میرسعیدی،١٣٩٠: ٢٤).

١٤- ئەستیاگس:هیرۆدۆت بە (ئاستیاگس)ناودەبات و لەسەرچاوە بابلیەکان بەشێوەی(ئەیختوویگو)هاتووە. بڕوانە:(Herodotus,1950: 106).

١٥- لەشەڕی خالولی-Halule: ئەو شەڕەبوو کە لەنێوان پاشای ئاشوور سەنحاریب و موشزب مەردۆك بەهاوکاری ئیلامیەکان لە خالۆلی(ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە) لەشاری نیپور لەساڵی ٦٩١پ.ز ڕوویدا و تێیدا سەنحاریب سەرکەوت بەسەر موشزب مەردۆك و گەڕاندیەوە بۆ شاری ئاشوور. بڕوانە:(بکر،٢٠٠٥: ١٥٥).

١٦- کیمیریەکان: لەباکووری قەفقاز و کەناری دەریای ئازوف ژیاون، بەڵگە ئاشووری و یۆنانیەکان، کیمیریەکان و ئەسکیتیەکان بەیەك نەتەوە دادەنێن. بڕوانە:(بهزادی،٢٠١١: ٧٣-٧٤).

١٧- ئاشوور: دەکەوێتە نزیکی دێ ئێستای شەرقە لە ڕۆژئاوی ڕووباری دیجلە. بڕوانە:(مهران،١٩٩٠: ٣٢٦).

١٨- نەینەوا: دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ. بڕوانە:(مهران،١٩٩٠: ٣٣٠).

١٩- ئەگەر ئەم هەواڵە ڕاست بێت خۆی و ژن و منداڵەکانی کردە قوربانی بۆ خودا، ڕەنگە تووڕەی خودا کەم بێتەوە و ئاشوور ڕزگاری بێت، چونکە لەو سەردەمەدا بۆچوونی خەڵکی وڵاتی دووڕووبار ئەوە بوو کە هەر بەڵایەك کە بەسەریاندا دەهات، وەك بومەلەرزە-لافاو-شکست لەشەڕدا و نەخۆشی بەهۆی تووڕەی خوداوە بووە، دەیانزانی کە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەیەك کە لەلایەن ئەواندا ڕوویداوە (خنجی،بدون سال چاپ: ١٦٠-١٦١).

٢٠- سیپار: دەکەوێتە ٦٩کیلۆمەتری باکووری شاری بابل. بڕوانە:(Barnett,1963: 24).

٢١- نەبونائیدNabonidus: کۆتا پاشای دەوڵەتی بابلی نوێ بوو، بەڕەچەڵەك ئارامی بووە و دایکی قەشەی خواوەندی سین بووە لە حەڕان، توانی شاری حەڕان لەدەستی میدیەکان ڕزگاربکات لەساڵی ٥٥٣پ.ز و شکۆی دەوڵەتی بابلی لەوناوچە گەڕاندەوە، لەساڵی ٥٣٩پ.ز لەلایەن کۆرشی دووەمی هەخامەنشینی کۆتایی بەدەسەڵاتی دێت. بڕوانە:(قائمی، ١٣٤٩: ٦٤).

٢٢- نێرگ لیسار: نەوەی ئەویل مەردۆكی پاشای بابل بوو، بۆماوەیەكی كورت لەنێوان دوو بۆ نۆ مانگ پێش پاشا نەبونائید پاشای بابل بووە و لەپلانێكدا كوژراوە. بڕوانە:(سلیم،٢٠٠٠: ٢٣٥).

٢٣- لەكاتی ڕووبەڕووبونەوەی میدیەكان لەگەڵ ئاشووریەكان، میدیەكان شاری حەڕانیان داگیركرد و بینای پەرەستگای(ئەهول هول) كە بۆ نزای خودای(سین)بوو زیانی پێگەیشت، نابۆنید هەمیشە دەیویست ئەم پەرەستگایە چاك بكاتەوە، هۆكارەكەی هۆگری نابۆنید بۆ خودای سین و گەڕانەوەی پەرەسەندنی ئابووری ناوچەی حەڕان بوو، بەڵام حەڕان لەژێر دەسەڵاتی میدیەكان بوو و نابۆنید توانای ڕووبەڕووبونەوەی ئەوانی نەبوو، تاوەكو ئەو كاتەی میدیەكان سۆپای خۆیان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی فارسەكان نارد، نابۆنید توانی پەرەستگاكە سەر لەنوێ چاك بكاتەوە.بڕوانە:( ارفعی،١٣٨٩: ٢٦-٢٧).

# Political Changes External to the Median State (700-550 BC)

**Hemin Rashid Darwesh[1] – Hilmi Rasool Raza[2]**

[1]Department of Social Sciences, College of Basic Education, University of Garmian, Kalar, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of History, College of Humanity Science, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

The rule of the Median country is considered as one of the periods in the history of ancient east, because in many ways which had a great influence on the civilization and countries after it. The Median nation by came to heights of Iran and after settling on this land, the water and air of the region were suitable for settlement. They developed their own external political system, which was expansionism and liberation from Assyrian dominion. Diako founded this political system and it reached its peak of development under Kiaksar. Eventually, it was the Medes who, in agreement with the ability of their neighbors such as Babylon, removed of the Assyrians from the political field. A number of Median commanders at the beginning of the govern of Cyrus II and Astyages the last Median kings advantaged from the help of Cyrus the Persian and In this regard, they played a major role in the devastation of the Median nation and the rise of the Achaemenid nation. Despite all that has been done, the Political history external the media is one of the most complicated topics in the political history of the Old East and still remains very unclear. Although, it has not been completely studied, this paper discusses the most significant political changes external of the Median nation, with nation such as Assyria, Orthodoxy, Scythians, Babylon, etc., which is more objectively based on the method (description-analysis) and comparative interpretation of changes and events.

**Keywords:** Foreign policy, Median state, Assyrians, Kiaksar.